# ساشا گیتری...
# کاتێک ساختەکاری دەبێتە گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووی سینەما

ن: ئیبراهیم ئەلعەریس
و:تاهیر عوسمان

ماوەیەکی دوورودرێژ دەبێ تا بەئەمڕۆ دەگا، زۆر کەس لە جیهان وایان لە سینەمای فەڕەنسی دەڕوانی، کە ئەو سینەمایە بەر لە هەموو شتێک جێگای زۆر بلێی و دیالۆگی بێ کۆتاییە، بەڕادەیەک، کە ڕەخنەگرێکی ئەمەریکی گوتبووی مرۆڤ ئەگەر بەچاو نوقاویش سەیری فیلمێکی فەڕەنسی بکات ئەوە بەتەواوی تێی دەگات. ئەوەش گرینگی وێنە بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە، واتە بایەخی هونەری سینەما بەیەکجاری وەلا دەنێ، لەڕاستیشدا ئێمە ئەگەر لە بنج و بناوانی ئەو دیاردەیەمان کۆڵییەوە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە سینەمای بێ دەنگی فەڕەنسی لەسەرووی هەموو ئەو تابلۆیانەدا دێ، کە دەخرێنە بەردەم بینەرەوەو دیالۆگە نووسراوەکان هەڵدەگرن جا لەهەر فیلمێک و لەلایەن هەر

نەتەوەیەکەوە بێ، کاکڵەی ئەو بابەتەش لەگەڵ سینەمای قسەکەردا زیاتر یەکلا بۆوە، چونکە زۆر لەو کەسانەی کە لە ئەدەبەوە، بەتایبەتی لە شانۆوە چووبوونە ناو سینەما، ئەگەر (جان کۆکتۆ)ی لێ دەربکەین، هەرچەندە ئەو پیاوێکی زمانزان و رەوان بێژ بووە، زانی بەشێوەیەکی کارامە رۆڵەکان بەسەر وێنە جولاوەکانی فیلمەکانیدا دابەش بکات. بۆیە ئەگەر ئەومان لێرەدا دوورخستەوە دەبینین سوارچاکانی فیلمەکان تەنها دیالۆگ وێنەدارن وزیاتر لە هەقایەتی وێنەگیراو دەچن. روونترین نموونەش لێرەدا - ساشاگیتری-یە، چونکە ئەو لەبنەڕەتدا پیاوی شانۆو نووسەری دیالۆگە جوانەکان بووە، کاتێک رووشی لە هونەری حەوتەم (سینەما) کرد، سەرجەم شانۆو دیالۆگەکانی خۆی بۆ ئەوێ برد، لێرەشدا دەردەکەوێ ئەگەر گیتری هەرچەندە سیناریۆی بۆ زیاتر لە (٤٠) فیلم نووسیووەو دەریهێناوە، بەڵام بزاڤی هونەری و چاودێران و رەخنەگران هەر بەپیاوی شانۆ ناوی دەبەن، لەوەش زیاتر سینەما کاران و رەخنەگرانی ئەو بوارە رقیان لە فیلمەکانی دەبێتەوەو - بەشانۆگەری وێنەگیراو- ناویدەبەن. چەندین کتێبیش کە لە بارەی مێژووی سینەمای فەرەنسی بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر ناوبراویان فەرامۆشیش نەکردبێ بایەخێکی زۆر کەمیان پێداوە، ئەگەرچی لە سالآنی دواییدا دووبارە بایەخی پێدرایەوەو باسی لێوەکرا، جا ئەگەر ئەو بایەخ پێدانە لە میانی پەیوەندییەکانی نێوان شانۆو سینەماش بێ، ئەوەی مایەی لەسەر وەستانیش بێ، ژمارەی فیلمەکانی - گیتری- لە ژمارەی شانۆگەریەکانی زیاترە کە پرسیاری ئەو جیاوازیەشی لێ دەکرێ ئەو لەوەڵامدا دەڵێ: لەلای من هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەو شێوازە هونەرییە بێت یا ئەوی دیکەیان، گرینگ دروستکردنی لەسەر شاشە یا لەسەر شانۆ، چونکە هەمان ئامانج دەپێکێ بەڵام دەبێ لێکدانەوەی هونەریی هونەرمەند بۆ ژیان چیبێ. هەروەک ئەو بەچاو دەیبینێ و دزە دەکاتە ناو دەروونی مرۆڤەکان تا لەنهێنییەکانی، لە تەنیایی، لە بیرەوەری و پەیوەندییەکانی بگاو بیانخوێنێتەوە، بەکورتی پەی بەهەموو سیماکانی مرۆڤ بباو شوێنی لەو ژیانەدا دەستنیشان بکا. ئەگەر ئەوەش بەسەر زۆربەی فیلمەکانی ساشاگیتری-دا بسەپێت، ئەگەر هەمووشیان نەبێ، ئەوە زۆر لەگەڵ یەکێک لە بەناوبانگترین فلیمەکانیدا دەگونجێ، بەناوی - رۆمانی ساختەکارێک کە خۆی نووسیویەتی و دەری هێناوەو رۆڵی سەرەکی تیا گێڕاوە، واتە (رۆڵی ساختەکارەکە)، بەڵکو لەوەش تێی پەڕاندووەو لەسەریشی نووسیووە، بۆیە لەسەر تابلۆی فیلمەکە نووسراوە (دەرهێنان و لەسەر نووسینی ساشا گیتری). ئەمەش یەکەمین فیلمە، کە هەردوو ئەرکی دەرهێنان و لەسەر نووسین بەتەنیا کەسێک رابسپێرێ هەرچەندە زۆر فیلم هەیە. دەرهێنەرەکان لەسەریان نووسیووە، بەڵام لە ئەدرەسەکەدا بەم شێوەیە بەروونی نەهاتووە. لەوانەش فیلمەکانی -

ئۆرسن ویڵـــز)، هەر لەســـەرو بەندی ئەو فیلمەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە فیلمی ناوبراو لە شـانۆگـەرییـەکـانی - سـاشـا - وەرنەگـیـراوە، بەڵکو ڕۆمـانێکە خـۆی نووسـیـویەتی، لێـرەشدا گـیـتـری -لەکـاتی نووسینی ڕۆمانەکەدا لە ئەرکی ڕۆمـاننووسیی تێدەپەڕێنێ و ڕۆمانەکەی دەکاتە شانۆگەریەکی بەفلیمکراو، وەک بڵێی مەبەستی بێت وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کەرەخنەیان لە فیلمەکانی دەگرت و بەشێـوازێکی شانۆیی پڕ لە دیالۆگ تاوانبـاریان دەکرد. بەهەر جـۆرێکیش بووبێت ئەو فیلمە کە لە ساڵی ١٩٣٦ دەرهێنراوە، واتە لە قـۆناغی سـەرەتایی کـاری - گـیـتـری - لە سینەمـادا کـە لە (١٩٣٠-١٩٥٧) بەردەوام بوو، ئەوە (فـرانسوا ترۆفـۆ) لەکاتی باسکردنی سینەمـای - گیـتـری - دا متمـانەیەکی زۆری کردووەو پێی وابووە ئەو سینەمـایە (چێـژێکی تـایبـــەتی هەیەو دەکـــرێ لە بـۆچوونە نائەخـلاقـیـیـەکـان و جـوانی شـێـوازەکـەی بەسینەمای (ئەرنست لۆبیتش) بەراورد بکرێ، چەندین سینەماکارانی تریش هەرزوو ئاماژەیان بەتوانای (گـیــتـری) کـردبوو لە دارشـتنی ریتـمـێکی بەبزاوت کـە لە هەمـوو چرکـەیەکی مـردوو بەدوور بێ، یاخـود هیچ هەڵوێـستـێکی سەیر لەخۆ نەگرێ، کە تێکەڵ دیمەنە سەیرەکان کـرابێ). بەڵام با بزانین فـیـلمی - ڕۆمـانی سـاخـتـە کـارێک - لەچی دەدوێ، فـیلمـەکـە بەپلەیەیک هەر لە دیمەنە سەرەتاییەکانەوە باسی پیـاوێک دەکـا لە کـەنار گـازینۆیەکی هاوینەدا

دانیــشــتبێ و خـەریکی پڕکـردنەوەی لاپەڕەی بیـــرەوەرییـــەکـــانی بێت. بەبێ ئەوەی هیـچ گـرینگییـەک بەو شـتـانە بدا کە دەیان نووسێ. ئێمەی بینەریش لەسەر شاشەکە چەند دیمەنێکی کۆن دەبینین، گـوزارشت لەو شـتـانە دەکـەن کـە پیـاوەکـە تۆمـاریان دەکـا. ئەو وێنانەش بەبێ دەنگیی و بەبێ هیـچ دیالۆگـێـک دەردەکـەون، واتە فـیلمـەکە لە (٦٠٪) ی دیمەنەکـانیـدا بێ دەنگە، ئایا ئەمـەش پێـچـەوانەی ئەو بۆچوونە نییـە، کـە ئێـمە لەسەرەتادا ئاماژەمـان پێکردو گـووتمان فیلمەکـانی ساشاگیـتری دیالۆگـێکی زۆری تێدایە. نەخێر دیارە ئەوە دژی ڕایەکەمـان نییـە، چونکە لەگـەڵ بینینی وێنەکـانی منداڵی ولاویەتی و کـاروانی ژیانی پیـاوەکـە ، ئێـمـە ناچار دەبین بەدرێژایی ئەو مـــاوەیە گـــوێ لە راڤـەکـردنێکی بەردەوام بگرین کـە چرکـەیەک وەســـتـــانی نیـــیـــە، ئەوەش هەر بەدەنگی - ســاشـاگـیــتـری - خـۆی دەبیــسـترێ، بەڵکو راڤەکردنەکە وردەکـارییـەکی زۆریشی تێدایە و لەگـەڵ وێنە پیـشـاندراوەکـاندا دەڕوا، کـە دەڵێ (چووم لە دەرگـام دا بێ ئەوەی کـەس دەرگـام لێ بکاتەوە)، لە وێنەکانیشدا دیارە (ساختەکار) بۆ مـاوەی چەند خـولەکـێک لە دەرگـایەک دەداو کـەس دەرگـــای لێ ناکـــاتەوە، کـەواتە ئەوەی گرینگە فیلمەکە وێنەو لێدوانێکمان پێشکەش دەکا، بەسەرهاتی ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە، لەوانە کـە لە تەمــەنی (١٢) ســاڵـیـدا بوونە، دوای ئەوەی هەمـوو ئەندامـانی خـێـزانەکـەی ژاراوی کراون ئەو بەساخی ماوەتەوە، کاتێک بەتۆمەتی

دزینی دراو لە سندوقی خێزانەکەیان تاوانبار دەکرێ لە ماڵەوە ڕێگای نادەن.. کوارگیان – لەگەڵدا بخوا کە وەکو ئەوان هەموو ژەمێک ئامادەیان کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کوارگەکە ژاراوی بوو ژاراوی بوون تەنها ئەونەبێ، بەسەلامەتی دەمێنێتەوە، چونکە لێی نەخواردبوو، پاشان دەبینین لە بەرچاوماندا گەورە دەبێ، چەندین کارو پیشەی ناشایستە ئەنجامدەداو بەهۆیانەوە، (شوێنێک بۆ شوێنێک و لە شارێک بۆ شارێکی دیکە دەگەڕێ، تا دەگاتە (کۆت دا زۆر)و دواتر وەکو یاریزانێک لەگازینۆ کار دەکات. هەموو ئامانجیشی لەوکارانە ئەوە بوو کە دەوڵەمەند ببێ، هەر لە سەرەتاوەش زانیویەتی کەوا ئەو هەرگیز بەو مەرامە ناگات، ئەگەر ساختەکارێکی لێزان نەبێ، بۆیە هەموو جۆرە ساختەکاری و فروفێڵێک بەکار دەهێنێ و سامانێکی زۆر کۆدەکاتەوە. ڕۆژێک کە بەئاگادێتەوە بیر لەو چارەنووسە بەدڕەوشتییەی خۆی دەکاتەوە، پەشیمان دەبێتەوەو بڕیار دەدا هەر تەنها بۆ جارێک بەپاکی هەڵسوکەوت بکاو دەست لەو کردەوە قێزەونانە هەڵگرێ، بەڵام بەو پاکیەی هەموو ئەو سامان و داهاتەی لە دەست دەچێ کە بەدرێژایی تەمەنی کۆی کردبۆوە، لە سەرەتادا فیلمەکە بەو کۆتاییەی دەرهێنەرەکەی بۆی هەڵبژاردبوو، بەفیلمێکی ئەخلاقی دەچێت ئەگەرچی واقیع وامان پێ ناڵێ، چونکە پیاوەکە لەبەر ئەوە دەست بەتاڵی نەبوو کە ساختەی کردووە، بەڵکو لەبەرئەوە بووە کە ڕۆژێک لەرۆژان بڕیاریداوە چیتر لەسەر ئەو کردەوەیە بەردەوام نەبێ. هەر لەبەر ئەوەش وەکو زۆربەی فیلم وشانۆگەریەکانی دیکەی ئەو فیلمەش لە خانەی فیلمە ئەخلاقییەکان دەردەچێ.

ساشاگیتری بەرەچەڵەک رووسیەو ساڵی ١٨٨٥ لە سان پەترس بۆرگ لە دایکبووەو لە ساڵی ١٩٥٧ دوای وەرگرتنی رەگەزنامەی فەرەنسی لە پاریس کۆچی دوایی کردووە وەکو ئەکتەرو شاعیرو شانۆیی و سینەماکار ناسراوە. هەموو جۆرە نووسینێکی تاقی کردۆتەوە، کە لە سینەمادا نزیک بۆتەوە وای زانیوە کە تەنها کات بەسەر بردنەو هیچی تر، لە فیلمە بەناوبانگەکانی سەرباری فیلمی ئاماژە پێکراو ئەمانە (ئەوان «٩» رەبەن بوون)، (گەنجینەی کاتتنال)، (ژیانی پیاوێکی پاک)، سەرباری فیلمێکی بێدەنگ کە لە ساڵی ١٩١٥ دەری هێنابوو بەناوونیشانی (ئەوانە لای ئێمەن) کە ژمارەی زۆری ناودارانی سەردەمی خۆی تیاکۆکردبۆوە بەبێ هیچ ئامانجێک، تەنیا لە پێناو ئەوەی لە فیلمێکدا بەیەکەوە کۆیان بکاتەوەو خۆی بەگەڵیاندا بدا لە کاتێکدا کە ئەو هێشتا وەکو نووسەرێکی شانۆییش نەناسراوە.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی العراق اليوم

ژمارە ٢٩٩ ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٨